# عێراقی دیموکراسی و پێکەوەژیان هاوتەرییە
# بە پراکتیزەبوونی برگەی 58

فەرەیدون حەمەڕەشید سویسرا

مادەی (58) مادەیەکی سەرەکی وبنەڕەتی بولەبەیەك گەیشتنی هەردووپێکهاتەی سەرەکی کوردوعەرەب لەمشتومڕوکۆبوونەوەدرێژخایەنەکانی ناومەجلیسی حوکم,کەکۆتاییە کەی گەلاڵەکردنی یاسایی کاتی عێراقی لێکەوتەوە,وەك بناغەیەکی یارمەتیدەر بۆنووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی لەبەرچاودەگیرێت,هەرلەبەرگرنگی وبایەخی ئاسایی نەبوونەوەی کەرکوك وناوچەبەعەرەبکراوەکان بوو کەخۆی لەبڕگەی (58) دەبینێتەوە کۆمەلانی خەڵکی کوردستان وسەرکردایەتی سیاسی کورد بۆبەشداریکردن لەهەڵبژاردنە گشتییەکەی 30 ی یەنیوەری ڕابردوو هەڵوێستەی تووندیان نیشاندا,.دەرئەنجام لەئاکامی سەردانەکەی وەفدی کورد بۆبەغد بەسەرۆکایەتی مام جەلال ویاوەری نێچیروان بارزنی بەئامادەیی وئاگاداری باڵوێزانی ئەمەریکاوبەریتانیا حکوومەتی ئەوکاتی ئەیادعەلاوی و لایەنە بڕیاربەدەستەکانی عەرەب بەڵێن و ئامادەیی پابەندبوونیان بەبڕگەی 58 بۆخەڵکی کوردستان دووبارەکردەوە,ڕاسپاردەی دامەزراندنی لیژنەیەك کرا لەدوایی هەڵبژاردنەکان وحوکومەتی نوێ بۆبەدواداچوون و ئاساییکردنەوەی ڕەوشی شێوێنراوی کەرکوك و ناوچەکانی دی,دەرهاویشتەی ئەوگفتوگۆیانە بووە فاکتەری پشتیوانی وبەشداریکردنی گەرموگوڕی خەڵکی کوردستان لەپرۆسەی هەڵبژاردنەگشتی یەکانی (31)یەنیوەری 2005,بەلام واشەش مانگی ساڵمان بەسەرئاکامی هەڵبژاردنەکان ودامەزراندنی حکوومەتی قۆناغی گواستنەوە تێپەڕاندووە کەکوردلایەنی سەرەکی و ستونی دامەزرێنەری ئەودەوڵەتەئیهتلافەیە,بەلام تائێستا دەوڵەت هیچ ئاماژەو بەدواداچوونێکی لەسەرڕەوش ودۆسیەی ناوچەبەعەرەبکراوەکان نەخستۆتە ڕوو, کابینەی حکومەتەکەی ابراهیم جەعفەری بەهۆکارەکانی بازدان وخۆدزینەوە بێت,یان بەئاماژەوپاکانەکانی خۆیان هەڵەو نائەزموونی کاربێت لەکارەکانی دەوڵت,لەژێرڕۆشنایی دوو بارەبوونەوەی چەندجار بڕیاری نالۆژیك وخروقاتکردن بەیاسایی کاتی دەوڵەت ,خەڵکی کوردستان دووربینانەوپیڕدیقەت و دوورمەودا لەوەدەگات کەکرۆکی ڕێکەوتنەکان

لەگەڵ لایەنی بەرامبەر مەترسیدارو گووماناویی هەڵسەنگاندنی دەوێ ,ئەمەش کەمکردنەوەولەدەستدانی موتمانەیە بەو هاوکۆی یەی لەحکومەتی ئیهتلافدا هەیە ,بەو پەرچەکردارانە هێشتا دەمارگیری ناسونالیزمگەرایی بەرچاو وهزری هەندێك لەکەسایەتی و ڕەووتی سیاسی لەعێراقدا بەرنەداوە,ئەوئاراستەتێڕوانین وتێزانەلەقازانجی

خەڵکی کوردستان وعێراق بەگشتی نابێت دوورکەوتنەوەی سەقامگیری ئارامی و ئاسایشەلەعێراق, لەهەنووکەدا دەنگ وناڕەزایەتی تەواوی خەڵکی کوردستان گوومانی ئەوە دەکات جارێکی تر لەدەستەویەخەی گفتوگۆکانداڕووبەڕوی دووبارەبونەوەی قەیرانەکانی مێژوی ڕابردووبینەوە لەگەڵ دەستەلاتی ناوەندا.بۆیە پێویستیەکی گرنگ وهەنوکە

چڕکردنەوەی بەرەنگاربوونەوەی گفتو گۆکان و فشاری دایەلۆکەلەلایەن فراکسیۆنی کوردی لەپەرلەمانی عێراق و وەزیروکاربەدەستە کوردەکانی بەغدا بەرچاوتریش خوودی بەڕێزمام جەلال وەك سەرۆك کۆماری عێراق,تالەپێش چوونەناو پرۆسەی نووسینی دەستوردا قسەلەسەرزەمینەسازی بڕگەی( 58) و ڕێگەچارەی هەلومەرجی ناوچەبەعەرەب کراوەکان بۆخەڵکی کوردستان ڕۆشنبێت, لەتەك ئەمەداپێویستە پارت ورێکخراوە عەرەبی و عێراقیەکانی قسەلەسەردیموکراسی و عێراقی پێکەوەژیان دەکەن ,لەگەڵیاندا هاوپەیمانێتی و بلۆك بەندیەك دروست بکرێت تالەرێگەی بنکەی جەماوەریانەوە ڕاستی ئەوشێواندنەدیمۆگرا فیایە بۆڕای گشتی عێراقی بسەلمێنن وەبەقورسایی ڕێکخراوی یانەوە بێنەپایی هاوپشتی و هاریکاریکردنی خەڵکی کوردستان تاببێتەهەڵمەتی پراکتیزەکردنی ئاساییکردنەوەی ناوچەشێوێنراوەکان و بێتە دەستپێکی پێکەوە ژیان و سەرپێخستنی یەکەم هەنگاهاویژتن بۆپرۆسەی

**دیموکراسی لەمێژووی عێراقی سەرکوت ودیکتاتۆری دا,,ئەبێت عێراقی یەکان لەوڕاستیەبگەن کەفرەحیزبی ودیموکراسی وعێراقی ئاشتی وئاسایش هاوتەرییە بەماف وداخوازیەڕەواکانی خەڵکی کوردستان کە نیوسەدەیە شۆڕش و قوربانی بۆدەدرێت** ,,,,,,,,,,,,,,,,,, ,,,,,,,,,

faraidun_73@hotmail.com

,